هەمن مامەند: ڕاستە هەولێرییەکان بەبێ دەنگی دەمرن بەڵام بێدەنگییەکەیان دەبێت بەکابووس

هەمن مامەند: ڕاستە هەولێرییەکان بەبێ دەنگی دەمرن، بەڵام بێدەنگییەکەیان دەبێت بەکابووس.

میدیاکار و ڕۆژنامەنووس هەمن مامەند نوسیویەتی: ڕاستە هەولێرییەکان بەبێ دەنگی دەمرن، بەڵام بێدەنگییەکەیان دەبێت بەکابووس.

ئەمەش دوای ئەوەی وێنەی کێڵی گۆڕی دکتۆرێکی شاری هەولێر بڵاوکرایەوە و لەسەریدا نوسراوە "لەمن دەدەی؟".

دکتۆر عوسمان سەلیم قادر دیبەگەیی لەدایکبووی ساڵی 1936ـە، لە ساڵی 2018 بەهۆی دواکەوتنی مووچەی بەشداری لە خۆپشاندانی فەرمانبەرانی شاری هەولێر کرد و لە خۆپشاندانەکەدا لەلایەن ئاسایشی هەولێرەوە بە (شەق) لێیدرا و دەستدرێژی کرایەسەر، ئەمەش دەنگدانەوەیەکی فراوانی بەدوای خۆی هێنا و لە ساڵی 2020 دکتۆر عوسمان سەلیم لە تەمەنی 84 ساڵیدا گیانی لەدەستدا و ئێستاش لەسەر کێڵی گۆڕەکەی نوسراوە "لەمن دەدەی؟".